# دیجلە بۆنی مەنسووری لێ دێ



باران

نیسانی

له بەردەم دەرگای مزگەوتی گەورەوە تێپەڕیم. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو، بانگی دەکردم. دەنگێکی نامۆ. ئاوڕم بۆ دەوروپشتی خۆم دایەوە , لە دووری سێ سەد مەترێکەوە پیرەمێردێکم بەدیکرد، پیرەمێردێکی نوورانی، باڵا بەرز و کەڵەگەت بوو، پێستی گەنم ڕەنگ، قژ و ریشی درێژ و سپی بوو، چاوەکانی گەش وەك مانگ، روخساری وەك ئەستێرە شەوقی ئەدایەوە، کراس و پانتۆڵێکی سپی پۆشیبوو، کلێتەیەکی ڕەشی لە سەردا بوو.

بە نیگای چاوەکانی بانگی کردم، کە بەرەو رووی چووم، ڕۆیشت و منیش بە دوایدا ڕۆیشتم. پیرەمێردی نوورانی نەرم نەرم دەڕۆیشت و منیش نەرمە نەرمە بە دوویدا ڕۆیشتم، تا لە دەمی بازاڕی ڕاپەڕینەوە ڕۆیشتە قەیسەرییەکەوە و منیش بە دوایدا ڕۆیشتم، ئەو نەیدەویست خۆی لە من ون بکات، بەڵکو دەیویست شوێن پێی هەڵگرم، ها لێرە و ها لەوێ بە دووی کەوتم تا گەیشتینە سابوونکەران. لە جادەی سابوونکەران بۆ چەند ساتێك لێم ونبوو، لە ناکاو لە سەر سووچی کۆڵانێکی باریکدا خۆی نیشاندامەوە، دیسانەوە بە نیگای چاوەکانی بانگی کردم، بێ دوودڵی بەرەو رووی چووم، تا من گەیشتمە سەر سووچی کۆڵانەکە، ئەو چووە ناو کۆڵانەکەوە و لە بەردەم دەرگایەکی شینی دووتاکیدا ڕاوەستا. دیسانەوە بەرەو رووی چووم و ئەو دەرگای ماڵەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە. تۆزێك ترسام، بەڵام لە ڕۆیشتن پەشیمان نەبوومەوە و چوومە بەر دەرگای ماڵەکە.

لە نێو حەوشەی ماڵەکەدا ڕاوەستا بوو، دەستەکانی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا شاردبووەوە و سەیری دەکردم و زەردەخەنەی دەبەخشییەوە. رامابووم بچمە ژوورەوە یاخود نا. بە دەنگێکی هێمن و لە سەرخۆ، گوتی: دەی بۆ ڕاوەستاوی؟ بۆ نایەیتە ژوورەوە؟

سەیرێکی ناوحەوشەی ماڵەکەم کرد و بە دوودڵییەکەوە چوومە ژوورەوە، هەرکە چوومە ژوورەوە خێرا دەرگای ماڵەکەی داخست و دەستی خستە سەرشانم، دەتگوت نوور چووەتە ڕۆحمەوە ، وەك ئەوەی لە دەستەکانییەوە خوێنی شادمانی چووبێتە دەمارەکانمەوە. بە دەستی چەپی ئاماژەی بۆ پلیکانەی ماڵەکە کرد و گوتی: بابچین لەوێ دانیشین.

خانووەکە چۆڵ بوو، لەوە دەچوو ساڵانێکی زۆربێت چۆڵکرابێ. خانوویەکی نیوەگڵ و نیوە چیمەنتۆ. حەوشەیەکی گەورە و کۆنی هەبوو، دوو داربی لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو، بە پێنج پلیکانە سەردەکەوتی بۆ لای دەرگایەکی دوو تاکی، دەرگایەکی داری شڕ و کاڵەوە بوو، لە دەرگاکەشەوە دەچوویتە ناو ژوورەکانی ئەو ماڵەوە. ماڵێکی پڕ لە جاڵجاڵۆکە و هێلانەی چۆلەکە و کوکوختی، لە پەنجەرەکانییەوە ژوورە نیوچە تاریك و چڵکن و خۆڵاوییەکان دەبینران.

لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بەرەو لای پلیکانەکە ڕۆیشتین، لە سەرسێیەمین پلیکانە ڕاوەستا، بۆ چەند خولەکێك نیگایەکی لە ئاسمان کرد. لە پڕێکدا ئاڕاستەی سەیرکردنی بۆلای من گۆڕی و گوتی: با دانیشین.

دانیشتین. من ساکاو و بێدەنگ سەیری گەڵا وەریوەکانی ناو حەوشەکەم دەکرد، کە چۆن زەبری ڕەشەبا لە سووچی دیوارەکاندا کۆی کردبوونەوە. جارجار دزە نیگایەکم بۆ دەکرد، تا بزانم ئەو چی دەکا و سەیری کوێ دەکا.

لە پڕ گوێم لە دەنگی پێکەنینی بوو. وتم بەچی پێدەکەنی؟ بە ژیان؟!

هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، پەنجەی شایەتمانی ڕاوەشاند و گوتی: نا نا ئەوە قسەی تۆ نییە، نە دەبوو تۆ وابڵێی، ئێمە نابێ بە ژیان پێبکەنین، بەڵکو دەبێ بۆ ژیان پێبکەنین.

گوتم: وایە، ببوورە هەڵە بووم.

زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و جارێکی تر سەیری ئاسمانی کرد، نیشانەی ئاسوودەییم لە روخساریدا بەدیکرد ، هەستم کرد زۆر خۆشبەختە بە دیمەنی ئاسمانی شین و پەڵە پەڵەی هەوری سپی. لەپڕ ئاڕاستەی ڕوانینی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی گۆڕی و سەیری بەردەمی خۆی کرد. مێروولەیەکی بینی، کە چۆن توێکڵە گوڵەبەرۆژەیەکی بە کۆڵەوەبوو. بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لە مێروولەکەی ڕوانی و گوتی: بڕوانە ئەو مێروولەیە ئێستا لە هەرچی مرۆڤە ئاسوودە ترە.

دەستی خستە سەرشانم و بە ئەسپایی هەستا و لە پلیکانەکان چووە خوارێ لە ناو حەوشەکەدا تاوێك ڕاوەستا و لە پڕ کەوتە سەما، سەمایەکی هێندە دڵنشینی کرد، ڕۆحمی ئاسوودە کرد، دوای تاوێك سەما کردن، خولێکی بە ناو حەوشەکە لێدا و هاتەوە لە تەنیشتم دانیشت و گوتی: بە دڵ گوێم لێبگرە، دەمەوێت حیکایەتێکت بۆبگێرمەوە. حیکایەتی عەشقێك، لە دیجلەدا خنکێنرا. لە ساڵی1963 لە گوندێکی دەوروبەری بەسرە، لە خێزانێکی شیعە مەزهەب کچێك لەدایکدەبێ. ناوی دەنێن سوهەیلە. لە یەکەم ساتی لە دایکبوونییەوە دەرك بەوە دەکرا کە ڕۆحیانەتی سۆفییەکی پاك لە جەستەی ئەو منداڵەدایە.

کاتێ سوهەیلە تەمەنی بوو بە شەش ساڵ، خێزانەکەی بۆ ژیانێکی باشتر روویان لە شاری بەسرە کرد. سوهەیلە لەوێ چووە خوێندنگا، سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کرد. دیسانەوە کەڵکەڵەی ژیانێکی شیاوتر لە سەری عەباس حەسەنی باوکی دا، ئیتر بڕیار دەدەن لە بەغدا نیشتەجێ بن.

سوهەیلە لە بەغدا چووە زانکۆ و لە کۆلێژی کشتوکاڵ وەرگیرا. سوهەیلە هەمیشە سەرقاڵی خوێندنی وانەکانی بوو، دەیویست نمرەی باش بە دەست

بهێنێ، تاکو بتوانێ درێژە بە خوێندن بدات و ماجستێر و دکتۆرا بە دەستبهێنێ. باوکی زۆر جار بۆ گەمە پێی دەگوت " ئەوەی تۆ بە چوار ساڵ دەیخوێنی من لە نێو باخەکانی خۆماندا بە مانگێك فێرت دەکەم." سوهەیلەش بە میهرەبانییەوە دەیگوت" وایە باوکە گیان، ئێمە هەرچەند بزانین، هێشتا بە قەدەر ئێوەی دنیا دیدە و خاوەن ئەزموون نازانین." سوهەیلە لە ساڵی یەکەمی خوێندنیدا لەگەڵ خوێندکارەکانی هاوڕێیدا بە گەشتێکی زانستی روویان لە هەوارگەکانی شارباژێر کرد. لەوێ بۆ یەکەمجار رووبەڕووی سروشتێك بووەوە، کە هەرگیز نەیدبوو. سروشتێکی دڵڕفێن، بە هەشتێکی ونبوو. لە کاتی گەڕان بەناو دار و درەختەکاندا، لە هاوڕێکانی ونبوو. زۆرترسا. لەو دەشت و دەرەدا چی بکردایە و چۆن بگاتەوە بە هاوڕێکانی؟! ترس وای لێکرد هەڵپەی زیاتر بکات، خێراتر و وردتر چاو بۆهاوڕێکانی بگێڕێ. لەو کاتەدا لە ناو باخێکی قۆخدا ژنێکی سپیپۆش هاتە سەر رێگاکەی و گوتی" مەترسە بە سەلامەت دەگەیتەوە ماڵەوە!

سوهەیلە بە ترسەوە گوتی: تۆکێی؟

ژنەکە: کارت بە سەرمنەوە نەبێ

سوهەیلە: باشە تۆ چیت لەمن گەرەکە؟

ژنەکە: هیچم لێت ناوێ تەنیا ویستم یارمەتیت بدەم، ها ئەم قۆخەش بخۆ

سوهەیلە بە ترسەوە قۆخەکەی وەرگرت و لە ناو مستیدا رایگرت.

ژنەکە: ئەگەر ئەو قۆخە نەخۆی هاوڕێکانت نادۆزیتەوە." لە دوای ئەو قسەیەوە ونبوو. سوهەیلە هێندەی تر ترسا، تیاما بوو، نەیدەزانی قۆخەکە بخوا یان فڕێیدات. بە بیانووی دۆزینەوەی هاوڕێکانی قۆخەکەی خوارد. چەند خولەکێك دوای خواردنی قۆخەکە گوێی لە دەنگی هاوڕێکانی بوو، هاواریاندەکرد، سوهەیلە سوهەیلە...بە بیستنی دەنگی هاوڕێکانی شاگەشکە بوو، پڕ بە گەرووی هاواریکرد" ئەوەتام لێرە ئەوەتام..." هەمووی چەند خولەکێکی پێنەچوو لە گەڵ هاوڕێکانیدا بە یەکتری شادبوونەوە.

ئەم رووداوە بۆ سوهەیلە پەرجوویەك بوو. لە دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا ئەم حیکایەتەی بۆ باوك و دایکی باسکرد، ئەوانیش گرنگیان پێ نەدا. ئاخر ئەوان بنەماڵەیەکی هەژار بوون خەمی ئەوان، خەمی نان و بژێوی بوو.

بەڵام سوهەیلە دەستبەرداری ئەو باسە نەبوو. شەو درەنگان دەچووە سەربانەکەیان و سەیری ئاسمانی دەکرد، لە مانگ و ئەستێرەکانی دەڕوانی. لە ئەنجامی ئەو رامان و بیرکردنەوانەدا چەند جارێکی تر لە تاریکی شەودا ئەو ژنە سپی پۆشەی بینییەوە. ئیتر وردە وردە خزایە ناو دنیایەکی دیکەوە، لە گەردوون رادەما، لە بوونی خۆی رادەما. ئیدی سوهەیلە گەڕایەوە بۆ ناو رۆحی خۆی. لێرەوە خزایە ناو خۆناسی و رۆحانییەتەوە و دەستی بە خوێندنەوەی رامانبێژی سۆفییە گەورەکانی دنیاکرد. رۆژ لە گەڵ رۆژدا مامەڵە و قسەکردنی گۆڕانی بە سەردا دەهات، سوهەیلە بوو بە کەسێکی دی، کەسێکی جیاواز لە بیابان نشینەکان. قوڵبوونەوە لە دنیای رۆحانییەت کردی بە سۆفی. رۆحی پڕبوو لە لێبوردەیی و هەقیقەت. هەمیشە ئامۆژگاریی هاوڕێکانی دەکرد، هۆشیاربنەوە، بە دوای هەقیقەتدا بگەڕێن.

وردە وردە ناوبانگی بەناو بەغدا دا بڵاو بووەوە، هەندێك پێیاندەگوت "سوهەیلەی عەدەوی." هەندێکیش تانە و تەشەریان لێدەدا و دەیانگووت "ئەو هیچ و پووچە دەیەوێت ئاینی پیرۆزی ئیسلام ناشیرین بکات." بە تایبەت بەعسییەکان زۆریان رق لێبوو، هەوڵی کوشتنیان دەدا، ئەوەی سوهەیلەی لە مەرگ نزیك کردەوە خۆشەویستیی ئەفسەرێکی باڵا بوو لە سوپای عێراقی، کە بە ئەندازەیەك عاشقی بوو، ئامادە بوو هەموو شتێکی لە پێناودا بکات، ئەو ئەفسەرە ناوی مەنسوور بوو، لە بنەماڵەیەکی سوننە مەزهەبی پایتەخت بوو، لەو بنەماڵانەی کە ژیانی خۆیان بۆ بەعس بەخت دەکرد.

چیرۆکی ئەو عەشقە لە بەیانییەکی زستانەدا دەستی پێکرد، بەیانییەکی سارد بوو، باران پایتەختی خوساند بوو، مەنسوور بە ترومبێلەکەی بوشرای خوشکی دەگەیاندە زانکۆ، لە بەردەم دەرگای زانکۆدا سوهەیلە دەبینێ و لەو ساتەوە عاشقی دەبێ. ئیتر مەنسوور بوو بە شۆفێری بوشرا، هەموو رۆژێ دەیبرد بۆ زانکۆ بەو بیانووەوە سوهەیلەی دەبینی، لە رێگای بوشراوە لە سوهەیلە نزیکبووەوە و یەکەم دیداریان سازکرد. ئەو کاتە سوهەیلە لە قۆناغی دووەمی زانکۆ بوو، سەرەتای ئەو عەشقە زۆر قورس بوو، سوهەیلە دەیویست مەنسوور وەك خۆی بیربکاتەوە، رۆحی ئارام بکاتەوە و لە خراپەکاری دووریبخاتەوە، بێ تەماحبێ لە ماڵی دنیا، دەست لە کاری سەربازی هەڵگرێت و لە بەعس دووربکەوێتەوە. ئەم مەرجانە بۆ مەنسوور قورس بوون، بەڵام وردە وردە راهات و لە بەعسییەکان دوورکەوتەوە، ئەستێرەکانی سەرشانی و جلە سەربازییەکانی فڕێدا، لە گەڵ سوهەیلەدا بوون بە دوو عاشقی خۆشبەخت. ئەمە بەعسییەکانی نیگەرانکرد، چەند جارێك مەنسوور یان ئاگادارکردەوە. بەڵام سوودی نەبوو، مەنسوور خەریك بوو بنەماڵەکەشی لە بەعس هەڵدەگەڕاندەوە. بەعسییەکان ترسیان لێنیشت، کار گەیشتە ئەوەی کۆشکی کۆماریان لێ ئاگادارکردەوە، وەك حاڵەتێکی ترسناك سەیریان دەکرد، بیروباوەڕی مەنسوور و سوهەیلە بۆ ناو ریزەکانی سوپا تەشەنەی سەند بوو، چەند ئەفسەرێك بە بیانووی جۆراوجۆر جلی سەربازییان فڕێدا.

بەعسییەکان بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە، نەخشەی کوشتنی مەنسوور و سوههەیلە یان دارشت. لە شەوێکی ساردی پاییزدا مەنسوور لە کەنار رووباری دیجلەدا دانیشتبوو، سەیری ئاسمانی دەکرد و لە ئەستێرەکان رادەما و بیریدەکردەوە، بەعسییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، لەپشتەوە چەند گوللەیەکیان پێوەنا تەرمەکەیان فرێدایە ناو دیجلەوە، هەمان شەو تاقمێکی تر لە بەعسییەکان بە جلی کوردی و دەم وچاوی پێچراوەوە چوونە سەرماڵی عەباس حەسەن و سوههەیلە یان کوشت.
لە گەڵ خۆرهەڵاتندا بەعسییەکان بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکە هەڵیانکوتایە سەر زانکۆی بەغداد سێ خوێنکاری کورد یان دەستگیرکرد و تۆمەتباریان کردن بە کوشتنی سوههەیلە و مەنسوور بەبێ لێکۆڵینەوە، بە بڕیاری سەرۆك کۆمار لە سێدارەدران، ئەم پیلانە لای زۆربەی خوێنکارانی زانکۆ ئاشکرا بوو، بەڵام کێ دەیتوانی ئەو هەقیقەتە باس بکات؟. ئیتر پاش ماوەیەك حیکایەتی سوههەیلە و مەنسووریش وەك هەموو حیکایەتە خوێناوییەکانی دیکە کۆتایی پێهات، لە بیرەوەریی خەڵکدا کاڵبووەوە.
جا من دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم رۆحیانەتی سوههەیلە ئێستا لەم شارەیە. لەم ژیانەیدا وەك کچە کوردێك لە یەکێ لە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا دەژی، مەنسووریش جارێ زانیاریم نییە، لێی بێ ئاگام و نازانم رۆحی لە گەردووندایە یان لە سەرزەوییە، یاخود لە قوڵایی دیجلەدایە؟"

لە دوای گێڕانەوەی ئەو حیکایەتەوە نەمزانی پیرەمێردەکە چێ لێ بەسەرهات و بۆ کوێ چوو بیستنی ئەو حیکایەتەش مەستی کردبووم، لەژێر لێوەوە دەمگوت" سوههەیلە تۆ لە کوێی؟.." تا لە دەنگی هاواری خۆم و هۆیهای خەڵکی راچڵەکیم، ئیدی خۆم لە شەقامی مەولەوی بینییەوە، بەسەر شەقامەکەدا، لە نێوان ترومبێلەکانەوە دەڕۆیشتم و لەبەرخۆمەوە دەمگوت "سوههەیلە لە سلێمانییە.." ورده ورده دەنگم بەرزتر دەبووەوە. هەرچی منداڵی دەستگێڕی ناوبازاڕ بوو بە شێتە شێتە بە دووم کەوتبوون.
لە قەرەباڵغیی بازاڕدا گوێم لە دەنگی کەسێك بوو دەیگوت" شێتبووە، مەحمود نەجمەدین شێتبووە" ئیتر کار لە کار ترازا، لە سەد لاوە هۆیهایان لێدەکردم، تەماتەیان تێدەگرتم، فیکەیان بۆ لێدەدام.. و هەر ئەوەندەم بۆ کرا رامکرد، ئیتر بارودۆخەکە خراپتربوو، ئەوەندەی تر عەلاگە فرۆش و دەستگێڕ بەدووم کەوتن. بە هەرحاڵێك بوو گەیشتمە بەردەم باخی گشتی و دەستم لە تاکسییەك راگرت و خێرا سەرکەوتم و گوتم لێخوڕە کاکە لێخوڕە.
شۆفێری تاکسییەکە بە تەشەرەوە گوتی: بۆکوێ لێخوڕم، بۆ ماڵی سوههەیلە؟!



مەحمود نەجمەدین

له1981 لەدایکبووە
لەساڵی دوو هەزار و دووەوە چیرۆك دەنووسێ.
کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی هاوشێوەکانی سەلیم جەودەت
بڵاو بووەتەوە لە بڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانییە.
ئێستاش کۆمەڵە چیرۆکێکی ئامادەیە بۆ چاپ.
لەبواری ئەدەبیات و رۆژنامەگەریدا کۆمەڵێك بەرهەمی
چاپکراوی هەیە
لەوانە کتێبێك بەناوی تەونێك لەشیعرو وشە.
کتێبێك بەناوی نەکورد کۆتایی هات و نەتورك حەسایەوە
کۆمەڵە چیرۆکێکیشی بەناوی (دیجلە تفوح منها رائحە
منصور) بەعەرەبی بڵاو بووەتەوە لەبڵاوکراوەکانی بنکەی
گەلاوێژە
کتێبی مەلا جەمیل رۆژبەیانی شەهیدی قەڵەم و چەندین
کتێبی دیکە.
کتێبێکی نوێشی لەچاپدایە بەناوی لەبیقاعەوە بۆ قەندیل.